# چەند خونچە شعرێك

کەژاڵ ئیبراهیم خدر/قەلاّدزێ
Kazhal_3@hotmail.com

## گلەیی

١

ببورە من تۆ جاران یەك کەس بووین
ئەمشەو دوانین
دوو هەناسەو دوو گیانی لەیەك جیاواز
تۆتۆیتو منیش خۆمم ؟

٢

کەتۆ دڵەکەت پەڕەسێلکەیەك بێت
بەئارەزووی خۆی گەرمیانو کوێستان بکات
چۆن دەتوانێ هێلانەکەی
بۆهەمیشە
لەسەر سینەی نەرمی ئافرەتێ

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com

دروست بکات ؟

٣

من ئێستاکە نامەوێ بزانم
تۆ بۆمن کێ بویت و کێیت ؟
هێندە بەسە بۆ ناسینت
بۆ گەیشتن بەخونچەیەك
هەرچی گوڵە ناتە ژێر پێت ؟

چاوەکانت

دوو ماسی نێو هەستی وونن
لەدەریای مەنگی ئە وینا مەلە دەکەن
چەند دەمەوێت دەریان بێنم
رزگاریان کەم
بەلاّم سیمای سەرابێکن و
خۆ وون دەکەن .

Document Produced by deskPDF Unregistered :: http://www.docudesk.com